الاتحاد العام للاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-IFIR**

---

# بریار نامە دەربارەی نا ئەمنی و نا جێگیری کوردستان ،و رەتکردنەوەی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران بۆ کوردستان لەلایەن وولاتە ئەوروپی یەکانەوە

1- لەماوەی رابردوودا دەوڵەتانی ئەوروپا و لەپێشیانەوە دەوڵەتی بەریتانیا لەژێر ناوی ئەوەی "کوردستان ئارامەو دەسەلاتێکی دیموکراسی لەئارادایە" سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقیان بریارداوە. تائێستاش جگە لەوەی 3 وەجبە لەپەنابەران بەشێوازێکی نامرۆڤانە ولەرێگای فرۆکەخانەی سەربازی و بەدەستی بەستراوەوە دیپۆرتکراونەتەوە، هاوکات ئەم سیاسەتە فشارێکی زۆری بۆ پەنابەرانی کوردستانی عێراق هێناوە و پەلامارێکی یەکجار نامرۆڤانەی بەدواوەبووە، لەوانە راگرتنی وەلامی کەیسەکان، لەسەر کار دەرکردنی پەنابەران، تا لێگرتنەوەی بەنەفیت و خزمەتگوزارییەکان و لەهەندێ جاریشدا حەملەی شەوانە رۆژی بۆسەر پەنابەران و زیندانی کردنی بەدواوەبووە. بەم جۆرەش ئەم سیاسەتە بارودۆخیکی ناهەموار و نامرۆڤانەی بۆ پەنابەران پێکێهناوە وئەوانی لەدلەراوکییەکی بەردەوامدا راگرتووە. هەموو ئەم سیاسەت و هەنگاوانەش لەکاتێکدا بەرێوە دەچن کەجەنگ وتیرۆرو کوشتار لەشارەکانی عیراق درێژەی هەیە و چارەنوسی کوردستانیش بە هەلۆاسراوی ماوەتەوە.

2- ئەم سیاسەتەی دەوڵەتانی ئەوروپا بەرامبەر بە پەنابەرانی کوردستان بەئاگاداری دەزگاکانی یوئێن(UN) لەکاتێکدا دەستی بۆدەبرێت، کەخودی دەوڵەتانە ئەوروپایی ئیمزایان لەرێکەوتن نامەی جنیف سەبارەت بە داوای مافی پەنابەریتی داوە. کەچی دەزگابەرپرسەکانی یوئێن نەك کاردانەوەیەکی کاریگەریان لەراستای دیپۆرتی پەنابەران و لێگرتنەوەی مافەکانی پەنابەران نیشان نەداوە، بگرە زۆرکات شانی خۆیان لە هەلۆێستگرتن خالی کردۆتەوە و گەلێ جاریش ئەم سیاسەتەیان تەبریرکردووە.

3- بەلام لایەنێکیتر لە چونەپێشەوە و داسەپاندنی سیاسەتی دیپۆرت و ئاکامەکانی بەسەر پەنابەرانی کوردی عیراقدا، هاوکاری و دەستگرتنی دەوڵەتانی ئەوروپاییيە لەلایەن حکومەتی عێراق و دەسەلاتدرانی کوردستانەوە. حکومەتی عێراق لەسەر و هەموو پرەنسیپێکی ئینسانێەوە، هەموو راستیە تاڵ و ناهەموارەکانی بارودۆخی ئێستای عێراق وکوشتارگایەك کەلەئارادایە ئینکار دەکاو بەخاتری دیموکراسی نیشاندانی"پرۆسەی سیاسی و دەسەلات"لەعیراقدا، بریاری کۆمەك کردن بەدەوڵەتانی ئەوروپایی داوە بۆگێرانەوەی پەنابەرانی کورد وعیراقی. هاوکات دەسەلاتداران لەکوردستانیش جگەلەوەی کەژێر بەژێر لەهاوکاری کردنی دەوڵەتانی ئەوروپادان بۆ دیپۆرتی پەنابەرانی کورد، بەئاشکراش فرۆکەخانەو زانیاری لەسەر پەنابەرانیان خستۆتە ئیختیارەوە. ئەمە جگەلەوەی کەپەیتاپەیتا باسی کوردستان وەك ناوچەیەکی ئارام و ئازاد بەدنیای دەرەوە دەناسێنن. لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەو ئەم تەبریراتانەدا فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی رادەگەیەنێت کە:

پەنابەرانی کورد و عیراقی قوربانی هەلومەرجی جەنگ و تیرۆرو کوشتاری بەردەوام و لەسەر کاربوونی دەسەلاتی میلیشیای وسەروخەلکین، کە وەك ئاکامێك لە لەئیستراتیژی نەزمی نوی جیهانی و سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعیراقدا هاتوتەکایەوە. بارودۆخ لەعیراق و کوشتارگایەك کەلەلایەن ئەمریکاو دەست وپیوەندەکانیانەوە بەسەر خەلکی عیراقدا داسەپاوە، هیچ جێگایەکی بۆ ئارامی و ژیانکردنی هاولاتیان نەهیشتۆتەوە. ئەمرۆ ئەوەی روودەدات لەعێراق وئەورووداوانەی کە کارەساتە مەرگبارەکانی دینێتە سەرشاشەی تەلەفزیۆنەکان بەسە بۆئەوەی کە نە دیموکراسی نەملف نە ژیانی ئاسایی مانایەکی نیەو هەموو ئیدعایەك بۆ گێرانەوەی پەنابەران بەدرۆدەخاتەوە. لەکوردستانیش کەبەروالەت لەچاو شارەکانی عێراقدا ئارام دێتەبەرچاو، بەلام بەهۆی ئەوەی کەکوردستان نەخۆی دەوڵەتێکی بەرەسمیەت ناسراوی نیودەوڵەتییەو نەبەشێکە لەدەوڵەتێکی سەقامگیر، چارەنوسی خەلکەکەی بەهەلواسراوی وناجێگر، بەدیار دەسەلاتی دوو حزبی میلیشیای چەکدارەوە راگیراوە. ئەم حیزبانە کەبەدریژایی 16 سالی رابردوو ماف و ئازادی و موقەدەراتی خەلکی کوردستانیان کەوتوتە دەست و بەزۆری چەك دەسەلاتی خۆیان بەسەر خەلکدا داسەپاندووە، نمونەی دەسەلاتیکی گەندەل و سەرکوتیان بەرامبەر بەخەلکی کوردستان نیشان داوە. مەترسی هێرشی دەوڵەتانی دراوسی بۆسەر کوردستان، شەری ناوخۆی ئەحزابەکان و پەلاماری بۆ هەر لایەنێك کە موخالەفەت بەسیاسەت و هەلویستی ئەحزابی دەسەلاتداربکات، هاندانی کونەپەرستی و یارمەتی کردنی ئیسلام ورەوتە سیاسییيەکانی، ئیغتیال و کوشتنی هەلسوراوانی سیاسی سەرکوتی ئاشکرای ئازادی سیاسی و رادەربرین، پەلاماردانی رۆژنامەنوسان و نوسەر و کەسانی رۆشنبیر، پەرەسەندنی کوشتنی ژنان و بەردەبارانکردنیان، تا رادەی ئەوەی کەئەم ئەحزابەنانە نەیان توانیوە لەماوەی 16 سالی رابردوودا تەنانەت وەلام بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژنانی خەلك بدەنەوە، کە ئەویش ئاو و کارەبایە. بەدوای رووخانی رژێمی فاشیستی بەعسیشدا، ئەم حیزبانە خەلکی کوردستانیان کردۆتە پاشکۆی بارودۆخی ناهەمواری عێراق و بەدیار شەرو تیرۆرو کوشتار وکێشمەکێشی نێوان دەستەوتاقمی ئیسلامی وبەعسییەوە، راگرتوون.. لەیەك وتەدا کارنامەی ئەم حیزبانە و ناجێگیری

کوردستان تائێستا دەیان جارلەبەڵگەنامەکانی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال و هومان رایت وچ و تەنانەت لەراپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانەوە عەکس بونەتەوە... ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە لاوانی کوردستانی لەسەرو ئێرادەو خواستی خۆیانەوە ناچار بەهەڵهاتن و هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەریتی کردووە، هەربۆیە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی رادەگەیەنێت کە:

یەکەم:

1- سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردستان وهەرهێرشێکی دەوڵەتانی ئەوروپایی بۆسەر پەنابەران ئیدانەو مەحکوم دەکاو بەسیاسەتێکی دژی ئینسانی دەزانی و هاوکات هاوشانی خەڵکی ئازادی خواز و موتەمەدنی ئەوروپا بەتەواوی تواناوە تێدەکۆشیت لەپێناو پوچەڵ کردنەوەی ئەم سیاسەتەو بەدی هێنانی مافی پەنابەریتی بۆیان. هەروەها فیدراسیۆن هەموو ئەو ئیدعایانەی کە تەبریری ئەم سیاسەتە دەکات بەدرۆ دەخاتەوە و ئامادەیە لەبەردەم مەرجەعێکی بێلایەنی نێودەوڵەتیدا، پێچەوانەکانیان بەبەڵگەوە بسەلمێنێ.

2- هەرلەمبارەوە فیدراسیۆن راستەوخۆ یوئین(UN) بەرامبەر بەسیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستان و مامەڵەی نامرۆڤانەی دەوڵەتانی ئەوروپایی بەیەکێك لە لایەنە بەرپرسەکان دەزانی و بەتەواوی تواناوە تێدەکۆشیت تا دەزگاکانی( یو ئین )لەئاستیکی فراواندا بخاتە ژێر فشارەوە و واداری بکات بەدەخاڵەتی کاریگەر لەراستای راگرتنی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستان وسەلماندنی مافی پەنابەرایتی بۆیان.

3- لەهەمان کاتدا فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی، هەر جۆرە هاوکاری‌یەکی حکومەتی عیراقی و دەسەلأتدارانی کوردستان بەدەوڵەتانی ئەوروپا بەمەبەستی رێگا خۆشکردن بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کوردستان، مەحکوم دەکاو بەسیاسەتێکی دژی خەڵکی دەیانسینی وتێدەکۆشێ رای گشتی خەڵکی کوردستان ودنیا لەم هەڵوێستە ئاگادتار بکاتەوە.

4- فیدراسیۆن پشتیوانی لەهەر هێزو لایەنێکی ئازادی خواز دەکات کە بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنووسی کوردستان تێ دەکۆشێ .

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی بانگەوازی سەرجەم پەنابەران دەکات بۆ کۆبوونەوە ورێکخراوبوونیان لەدەورەی فیدراسیۆن و هێنانەمەیدانی ریزی بزوتنەوەی سەربەخۆی خۆیان بەدژی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران و بەدی هێنانی مافەکانی پەنابەریتی..

**تیبینی:ئەم بریار نامەیە لە کۆنگرەی یەکەمی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی بە دەنگ گەیەنرا**

## فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-10-24

**POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 , 00447895636633,0041787557786,004799387599,**

**ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com www.csdiraq.com**